# ئامۆژگاریتان دەکەم بە نەرم ونیانی مامەڵە لەگەڵ ئافرەتدا بکەن؛ چونکە ئافرەت لە پەراسوو دروستکراوە، وچەماوەترین بەشی پەراسوو بەشی سەرەوەیەتی، ئەگەر هەوڵبدەیت ڕێکی بکەیتەوە دەیشکێنیت، وئەگەر وەکو خۆی جێی بهێڵیت؛ ئەوا هەر بە چەماوەیی دەمێنێتەوە، بۆیە بە نەرم ونیانی مامەڵە لەگەڵ ئافرەتدا بکەن

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئامۆژگاریتان دەکەم بە نەرم ونیانی مامەڵە لەگەڵ ئافرەتدا بکەن؛ چونکە ئافرەت لە پەراسوو دروستکراوە، وچەماوەترین بەشی پەراسوو بەشی سەرەوەیەتی، ئەگەر هەوڵبدەیت ڕێکی بکەیتەوە دەیشکێنیت، وئەگەر وەکو خۆی جێی بهێڵیت؛ ئەوا هەر بە چەماوەیی دەمێنێتەوە، بۆیە بە نەرم ونیانی مامەڵە لەگەڵ ئافرەتدا بکەن». ولە گێڕانەوەیەکدا: «ئافرەت وەکو پەراسوو وایە ئەگەر بتەوێت ڕێکی بکەیتەوە دەیشکێنیت، وئەگەر چێژی لێوەربگریت، ئەوا چێژی لێوەردەگریت وچەماوەیی هەر تێدایە». ولە گێڕانەوەیەکدا: «ئافرەت لە پەراسوو دروستکراوە، لە هەموو حاڵەتێکدا ناتوانی ڕێکی بکەیتەوە، ئەگەر چێژی لێوەربگریت، ئەوا چێژی لێوەردەگریت وچەماوەیی هەر تێدایە، وئەگەر هەوڵبدەیت ڕێکی بکەیتەوە دەیشکێنیت، وشکاندنەوەی بریتیە لە تەڵاقدانی».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری بە هەردوو ریواتەکەی]

ئەم فەرموودەیە باسی مامەڵە کردن لەگەڵ ئافرەتان دەکات وفەرمان دەکات بە وەرگرتنی ئەم ئامۆژگاریانە سەبارەت بە چاک مامەڵە کردن لەگەڵ ئافرەتاندا؛ چونکە ئافرەت ئەقڵ وتێگەیشتن ودینداری وهەموو کاروبارێکی وەکو پێویست نییە وکەمتەرخەمە تێیدا چونکە لە پەراسوو دروستکراوە لە بنچینەدا. وخوای گەورە کاتێک ئادەمی دروستکرد -عليه السلام- لە خاک بە بێ دایک وباوک، وپاشان پێی ووت ببە وئەویش بوو، وکاتێک خوای گەورە ویستی مرۆڤێکی تری لێ دروست بکات، بۆیە هاوسەرەکەی دروست کرد لە پەراسوویەکی چەماوەوە، وئافرەت ئەگەر چێژی لێوەربگریت ومامەڵەی لەگەڵدا بکەیت ئەوا هەر ئەو لاریەی تێدا دەمێنێت وئەگەر بتەوێت ڕێکی بکەیتەوە دەیشکێنیت، بۆیە پێویستە مرۆڤ ئارام بگرێت لەسەر خێزانەکەی وهەرگیز لە هەموو ڕوویەکەوە هاوسەرەکەی ڕێک نابێتەوە وناتوانێت ئەمە ئەنجامبدات وئەگەر لە دینداریەکەیدا ڕێک بێت ئەوا لە شتی تردا ڕێک نییە چونکە سروشتی بەو شێوەیە، وئافرەت بە پێی ویستی مێردەکەی نابێت لە هەموو شتێکدا، بەڵکو هەردەبێت سەرپێچی وکەموکورتی هەبێت، وئەگەر مێردەکەی بیەوێت ڕێکی بکاتەوە لە هەموو لایەنێکەوە ئەوا دەیشکێنێتەوە وشکاندنەوەی تەڵاقدانیەتی، ومانای ئەوەیە ئەگەر بتەوێت لە هەموو ڕوانگەیەوە ڕێک بێت ئەوا ئەمە ڕوونادات وناتوانیت ولەم حاڵەتەیشدا لێی بێزار دەبیت وتەڵاقی دەدەیت، بۆیە پێویستە مرۆڤ بە گوێرەی توانا هەوڵبدات بۆ ڕێککردنەوەی ئافرەتەکەی بەتایبەت لەو شتانەی کە پێویستن وەکو دینداری وباڵاپۆشی وئەرکی پێویست ولەو شتانەیش کە پەیوەستە بە کاروباری دونیایی باشتر وایە مێرد لەو حاڵەتانەی ڕای ئافرەتەکە هیچ هەڵەیەکی تێدا نییە با بە قسەی بکات وڕاوێژی بکات لە پرس ومەسەلە گرنگەکاندا بۆ ئەوەی ئەم شکاندنەوەیە ڕوونەدات.

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee